# سەرەڕای قەیرانی ئابووری چوارەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی دهۆک بە سەرکەوتوویی کۆتایی هات



**ماوەی چوار ساڵە لە شاری دهۆکی ڕەنگین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی سینەما ساز دەکرێت، ئەم ساڵیش چوارەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی دهۆک لە ڕۆژی ٩-٩-٢٠١٦ بە فیلمی «ڕەشەبا» لە دەرهێنانی حوسێن حەسەن لە هۆڵی کۆنفرانسەکان لە شاری دهۆک دەستیپێکرد، هەرچەندە ئامادەبووانی فیلمەکە ڕێگایان نەدا فیلمەکە تا کۆتایی نمایش بکرێت گوایە سووکایەتی بە ئێزیدییەکان دەکات و لە ئەنجامدا پشێوی کەوتە نێو هۆڵەکە، بەڵام لە ڕۆژانی دواتر فیستیڤاڵ بە ڕێکوپێکی بەردەوام بوو.**
**ڕۆژی ١٦-٩-٢٠١٦ لە ڕێوڕەسمێکی بەرفراواندا خەڵاتەکانی چوارەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی دهۆک دابەشکرا، کە تێیدا ١٧ خەڵات پێشکەش بە ئەکتەران و دەرهێنەرانی کوردو بیانی کران.**

سەرەتا خەڵاتی باشترین فیلمی کوردی کە لە پارێزگای دهۆک بەرهەمهاتووە، درایە فیلمی پەرەسێلکە، یان حەج حەجیک «the swallow»، کە لە دەرهێنانی مانۆ خەلیل دەرهێنەری ڕۆژئاوای کوردستانە.
خەڵاتی دووەمی فێستیڤاڵ کە خەڵاتی ڕێکخراوی سینەما بۆ ئاشتی بوو و دەدرێتە ئەو فیلمەی هەڵگری پەیامی ئاشتی بێت، درایە فیلمی بەهەشتی من، «My Paradise» لە دەرهێنانی ئەکرەم حەیدۆ، ئەویش دەرهێنەرێکی بەناوبانگی ڕۆژئاوای کوردستانە.
خەڵاتی باشترین کورتە فیلمی نێودەوڵەتی بەخشرایە فیلمی «The Translator» کە لە دەرهێنانی (ئێمرا کایش)ی دەرهێنەری باکووری کوردستانە.
خەڵاتی باشترین کورتە فیلمی کوردی، درایە فیلمی ڕەئیس «The Boss»، کە لە دەرهێنانی (رزگار حوسێن)ی دەرهێنەری باشووری کوردستانە.
خەڵاتی باشترین کورتە فیلمی نێودەوڵەتی بەخشرایە فیلمی «(Mother)s» کە لە دەرهێنانی «Mamouna Doucour» کە فەرەنسییە.
خەڵاتی لیژنەی دادوەری بۆ باشترین کورتە فیلمی کوردی درایە فیلمی سێبەر « Shadow» کە لە دەرهێنانی بولانت ئۆزتورکە.
خەڵاتی بینەران بۆ باشترین فیلمی درێژی کوردی بەخشرایە فیلمی ماڵی بێ بان «House Without Roof» کە لە دەرهێنانی سۆلین یوسفە.
خەڵاتی باشترین ئەکتەری کچ درایە نازان کەزال، کە ڕۆڵی لە فیلمی تۆ بەزی «Dust Cloth» بینیوە.
خەڵاتی باشترین ئەکتەری کوڕ درایە ئالەن گۆرسۆی، کە لە فیلمی ڕەئوف ڕۆڵی سەرەکی بینیوە.
خەڵاتی بینەران بۆ باشترین فیلمی درێژی نێودەوڵەتی درایە فیلمی ڕۆیشتنی دوور، «Walking Distance»، کە لە دەرهێنانی ئەلیخاندرۆ گۆزمانی دەرهێنەری مەکسیکی بووە.

خەڵاتی باشترین فیلمی کوردی درایە فیلمی ڕەئووف «Rauf»، کە لە دەرهێنانی بارش کایا و سۆنەر جانەرە.
خەڵاتی باشترین فیلمی دۆکیۆمێنتاری کوردی بەخشرایە فیلمی «Callshop Istanbul»، کە لە دەرهێنانی سامی مەرمەڕ و هیندە.
خەڵاتی باشترین فیلمی درێژی بیانی، درایە فیلمی ئێرانی ناهید، کە لە دەرهێنانی ئایدە پەناهەندەیە.
خەڵاتی یەڵماز گۆنای کە بە مەزنترین خەڵاتی فێستیڤاڵ دادەنرێت، بەخشرایە فیلمی My Fathers Wings بۆ باشترین فیلمی درێژی بیانی، کە لە دەرهێنانی کیڤانچ سەزەرە.
فیلمی دۆکیۆمێنتاری گوڵستان، «Gulîstan، Land of Roses» لە دەرهێنانی زەینە ئاکیۆل، خەڵاتی باشترین فیلمی دۆکیۆمێنتاری کوردی بەدەستهێنا.
خەڵاتی باشترین دەرهێنەری کورد، درایە ئاهو ئۆزتورک، کە کاری دەرهێنانی بۆ فیلمی « Dust Cloth» کردووە.
شایەنی باسە ساڵانە فێستیڤاڵەکە میوانداری سینەمای وڵاتێك دەکات، ساڵی ٢٠١٢ میوانداری سینەمای ئەڵمانیای کرد، ساڵی ٢٠١٣ سینەمای ئیتاڵیا، ٢٠١٥ سینەمای فەرەنسا، ئەمساڵیش میوانداری سینەمای وڵاتانی ئەسکەندەنافیای کرد و وڵاتانی ئەسکەندەنافی بە ١٣ فیلمی نایاب بەشداری فێستیڤاڵەکەیان کرد.



# ئیشواریا ئەمیتابی تووڕە کرد

خانمە ئەکتەری ناسراوی هیندستان ئیشواریا رای نیگەرانی و تورەییەکی زۆری لای خانەوادەی هاوسەرەکەی درووست کرد بەتایبەتی ئەمیتاب باتشانی خەزووری بە هۆی دەرکەوتنی لە دیمەنێکی وروژێنەر لە برۆمۆی نوێترین فیلمی خۆیدا بەناوی (Ae Dil Hai Mushkil) لەگەڵ رانبیر کابور.

جگە لە خانەوادەکەی جەماوەری ئیشواریا رایش تووشی سەرسوڕمان هاتن کاتێك ئەم دیمەنە وروژێنەرەیان بینی، چونکە یەکەم جارە شاجوانی پێشووتری جیهان ئەم جۆرە رۆڵانە بەم شێوەیە ببینێت و بەپێی چەند راپۆرتێکی رۆژنامەنووسی ئەمیتاب باتشانی ئەستێرەی سینەمایی ناسراو و خەزووری رای زۆر تورە بووە لەم کارەی و سەرچاوەکان ئەوەشیان دووپاتکردەوە کە پێشتر ئەمیتاب داوای لە کاران جەوهەری بەرهەمهێنەری فیلمەکە کردووە کە دیمەنەکانی ماچ کردن دیمەنە وروژێنەرەکان بسڕنەوە، چونکە هەستی بە شەرمەزاری کردووە لە کاتی بینینیاندا، هەروەها دەنگۆی ئەوەش بڵاوکرایەوە کە لە دوای نمایشکردنی برۆمۆی ریکلامی فیلمەکە ئەمیتاب و کوڕەکەی تووشی دەمەقاڵییەکی زۆر هاتوون لەگەڵ ئیشواریا و تورەبوون وبێزاریی خۆیانیان پێڕاگەیاندووە.





# بەلقیس لە کێشەکانی ئافرەتان دەکۆڵێتەوە

رۆژانەی خانمە گۆرانیبێژی ئیماراتی سەرکەوتنی زیاتر تۆمار دەکا، جا چ لە بواری گۆرانی وتن بێت یان لە بوارەکانی دیکەی ژیانی تایبەتی خۆی، بەم دواییەش رایگەیاند کە هەماهەنگی کردووە لەگەڵ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ئافرەتان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

لەم بارەیەوە بەلقیس لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک خۆشحاڵی خۆی دەربڕی و رایگەیاند: هەوڵمانداوە سەرەتا یارمەتی ئەو ئافرەتانە بدەن کە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی بازرگانیدان بۆ ئەوەی یارمەتییان بدەین کە شوێنی خۆیان مسۆگەر بێت لە بازاڕی کاردا، هەر بەم بۆنەیەوە لە ماوەیەکی زوودا پرۆژەیەکی گەورە لەسەر ئەرزی واقیع رادەگەیەنم، نازناوەکان بۆ من گرنگ نین،جێبەجێکردنی پرۆژەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سوود گەیاندن بە خەڵك بەتایبەتی بە ئافرەتان زۆر زۆر گرنگترە، با نازناوەکان بۆ ئەو کەسانە بێت کە دڵیان پێی خۆش دەبێت و تا ئێستا هیچ کارێکی ئەرێنییان ئەنجام نەداوە.

بەلقیس زیاتر دەربارەی پرۆژەکەی وتی: بیرۆکەیەکی جوانم لە مێشکدابوو خۆم و هاوسەرەکەم لەگەڵ جێبەجێی دەکەین لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکانیش قسەما ن کردووە ئەوانیش بیرۆکەکیان پێ باش بوو و ئەگەر سەرکەوتوو بووین تێیدا ئەوا بە دەیان ئافرەت سوودی زۆری لێ دەبینن.



# سەحر قورەیشی شاجوانی سێلفی

سەحر قورەیشی یەکێکە لەخانمە ئەکتەر ناسراوەکان و هەرچەندە لە ساڵی ١٩٨٧ لەدایکبووە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش توانیویەتی شوێنی خۆی لە نێو ئەستێرەکانی بواری نواندن لە ئێراندا بکاتەوە، بەتایبەتی دوای سەرکەوتنی لە رۆڵی (یەڵدا) لە زنجیرە درامای (دڵنەوازان)، هەروەها رۆڵی لە فیلمی (ساتێك قەرەباڵغی) و چەندین فیلمی دیکە هەبووە.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی بۆ بینینی رۆڵی یەڵدا سەحر دەڵێ: چەندین کەس پاڵێوراو بوون بۆ بینینی ئەم رۆڵە، بەڵام بە هۆی ئەوەی سیما و روخسارم گونجاوتر و نزیك بوو لەوەی دەرهێنەر دەیویست، بۆیە منی هەڵبژارد و پێی گوتم کەسێکم دەوێ بۆ ئەم رۆڵە کە لە یەك کاتدا سیمای بێتاوانی و کەسایەتییەکی نەرێنیی هەبێت، ئەمەش لە سیمای تۆدا بەدی دەکەم، بۆیە منیش هەموو هەوڵێکمدا ئەو رۆڵە بە جوانی ببینم، چونکە ناوبانگ بەلای منەوە گرنگ نییە، بەڵکو ئامانجی من رازیکردنی جەماوەر و خۆشەویستی منە بۆ کارەکەم و لەو پێناوەشدا هەموو تواناکانم دەخەمەگەڕ.

بە هۆی ئەوەی کە سەحر یەکێکە لەو ئەکتەرانەی کە کاتێکی زۆر لە بەسەرکردنەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی ئەنستگرام بەسەر دەبات و لە پەیوەندییەکی بەردەوامدایە لەگەڵ جەماوەر و وێنەی نوێ بڵاودەکاتەوە لە ئێران بە (شاجوانی سێلفی) ناسراوە.




# تابلۆ
# به مۆرکی کوردی

تاریق کاریزی

بۆچی دەبێ تابلۆ مۆرکی کوردانەی هەبێت؟ پرسیارێکە رەنگە وڵامدانەوەی بۆ نەوەی نوێی شێوەکاران یەکجار گرنگ بێت. هەمان پرسیار بە وڵامەکەشییەوە، بۆ ئێمەی هونەر دۆست و جوانیخوازیش گرنگە. ناوەندی هونەر گەلێ جار، نەك هەر لە کوردستاندا، بەڵکوو لە زۆر شوێن و وڵاتی دیکەش، گەنگەشەی ئەوەی تێدا دەکرێت، کە ئاخۆ هونەر دەبێ بە مۆرکی خۆماڵی بێت، یان جیهانی؟ بنە و بارگەی بەرهەمی هونەری دەبێ لە کام وێستگەدا لەنگەر بگرێت؟ بەرژەوەند لە کوێدایە، کاتێك ئێمە پرسیاری ناسنامە لە نێو جیهانی ستاتیکای رەنگ و شێوە و قەبارەدا دەورووژێنین؟
رەنگە هێشتا گەلێ پرسیاری دیکەش هەبن، کە هەم لە لایەن هونەرمەندانی شێوەکار، هەمیش لە لایەن هونەرخواز و هونەر دۆستانەوە، دەخرێنە روو. نیازپاکییەکی تەواویش لەو پرسیار کردنەدا هەیە، چونکە کاری مرۆڤ بێ ئامانج و دوور لە خواست نییە. ئیدی بۆیە، بەرهەمی شێوەکاری (تابلۆ، پەیکەر، سیرامیك. هتد)، هەردەم هەڵگری خواست و مەبەستێکە. من بیڵێم یان نەیڵێم، هونەرمەند لە گەڵاڵە کردنی جوانیدا گوتارێك، پەیامێك، ئاماژەیەك ئاراستە دەکات. رەنگە کورت هێنانی رەخنەی شێوەکاری و نائامادە بوونی لەم رووەوە، هۆیەکی سەرەکی بێت لە بە گەرمی بەردەوام بوونی ئەو پرسیارانە، چونکە دواجار هەر رەخنە دەتوانێ تەرازووی بڕیاردان بخاتە گەڕ، پرسیار و خرۆشانەکان شرۆڤە بکات، پاشان ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت، بە چەند وڵامێك دەرەنجام بخاتە روو.
هەڵبەت کاتێك باس لە مۆرکی کوردانەی تابلۆ (هونەر) دەکەین، ئەوە بەو واتایە نییە کە ئێمە پەرژین و سنوورێك بۆ ئەفراندنی شێوەکاران دادەنێین. کەس توانای پەرژین کردن و سنووربەند و سنووردار کردنی هونەری نییە، چونکە چالاکییەکە، سەرچاوەکەی هۆش و ئەندێشە و خەیاڵی هونەرمەندە. جا کەس هەیە بتوانێ هۆش و ئەندێشە و خەیاڵ کۆت و بەند بکات؟ نەخێر، شتی وا نەبووە و ناشبێ. کەواتە ئێمە کە باسی مۆرکی کوردانەی تابلۆ دەکەین، لەو گۆشەنیگایەوە قسە دەکەین، کە پەیوەستە بە کرۆك و روخسار (ناوەرۆك و فۆرم)ی بەرهەمەوە. ئەو کرۆك و



روخسارەش ئەگەرچی تا ئەو پەڕەکەی زادەی خەیاڵی داهێنەرانەی هونەرمەندیش بێت، هەرگیز لەوە بەدەر نییە، کە جۆرێکە لە نمایش کردنی ژینگە و دەورووبەر لە بۆتەیەکی ستاتیکیانەدا. هونەرمەند بخوازێ یان نەخوازێ، ئەو ڕۆڵە و بەرهەمی ژینگەیەکی تایبەتی مرۆیی و سروشتی، هەورەها شارستانیەت و کەلتوورێکە، کە لە هەموو ڕوویەکەوە تایبەتمەندیی خۆی هەیە. ئەو ژینگەیە بازنە و جیهانێکە هونەرمەند تێیدا خەملیوە. ئەو لە ڕووی هزر و هۆش و جەستەوە، تێیدا دروست بووە و گەشەی کردووە. ئەگەر ئەوەش بهێنینە بەر چاو، هونەرمەند ئەو کاتە دەگاتە پلە و پێگەی هونەر، کە بە مێشك و دەروون و چاوێکی تایبەتەوە لە شتانی دەوروبەر دەڕوانێت، ڕوانین و دید و بینینی ئەو، وەك کەسێکی ئاسایی نییە، ئەو خوێندنەوەیەکی قووڵتر و تا ڕادەیەك سیمبولیانە و شرۆڤەکارانە بۆ کردار و شتان دەکات. لەو خوێندنەوە تایبەت و ئاست بەرزەی خۆی بۆ دیاردە و ڕواڵەتەکانی ژینگەی مرۆیی و سروشت و دەوروبەر، دەگاتە ئاستی وەدەنگ هاتن، ئەو وەدەنگ هاتنەش لە شێوەی گوتارێکی جوانی دیدەییدا خۆی دەنوێنێ. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئاخۆ هەمموو ئەو شتانە تا چەند وابەستەی توخم و ڕەگەزەکانی ژینگەی هونەرمەندن؟ بەدەر لەو ژینگەیە، ئایا بوارێکە بۆ داهێنانی دروست، نەك چەواشەکارانە دەمێنێتەوە؟

پرسیارەکان سەر قوت دەکەنەوە، با بەشێکی وڵام دانەوەیان لە ئەستۆی خوێنەردا بێت. من دێمە سەر ئەوەی، ئاخۆ پاساوی کوردادندنی (یان کوردی بوونی) تابلۆ دەبێ چی بێت؟ هەڵبەت کاتێك قسە دێتە سەر مۆرکی کوردانەی تابلۆ (یان هەر بەرهەمێکی دیکەی شێوەکاری)، ئەوە واتای بەستنەوەی هونەمەند نییە لە چوارچێوەیەکدا، بەڵکوو پێمان وایە لە چوارچێوەی بە واڵایی و ئازادانە کار کردنی هونەرمەنددا، گۆشەیەکی کراوەش هەیە بۆ ئەفراندن، دەروازەیەك هەیە، کە بە ڕووی میراتی شارستانی و کەلتووری و کەلەپوورییانەی کوردەواریدا دەکرێتەوە. ڕووبەرێکی بێ سنوور فراوانی ستاتیکا هەیە، هەم لە ڕووی شێوە (فۆرم) و هەم لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، یەکجار دەوڵەمەندە، پێویستی بە گەڵاڵە کردن و گواستنەوەیە لە دنیای واقیعەوە بەرەو دنیای ستاتیکا. ئەم ڕووبەرە دنیای کوردەوارییە، بە خاك و خەڵکییەوە.

دێمە سەر چەند فیگەرێك، وەك نموونەی بابەت بۆ تابلۆی مۆرك کوردانە باسیان دەکەم. پێشمەرگایەتی تۆمارێکی یەکجار بەرین و شکۆدارە بۆ داهێنان، زۆر بە دەگمەن هونەرمەندانی شێوەکار کاریان تێدا کردووە. هیچ هونەرمەندێك نییە، سەرەڕای سەروەرییەکانی دوێنێ و ئەمڕۆی پێشمەرگە، تا ئێستا توانی بێتی تابلۆ یان پەیکەرێك دروست بکات، کە ببێتە سیمبول و هێما بۆ پێشمەرگە، یان تۆماری پڕ لە شکۆی خەباتی نەتەوەییەك لە پێناوی ئازادیدا، بە زمانی جوانی بگێڕێتەوە. داستانی قەڵای دمدم تەنیا نموونەیەکە بۆ دەیان داستانی دیکەی بەرخودان و ئازایەتی و خۆڕاگری لە پێناو ئازادیی نەتەوەی کورددا، هیچ هونەرمەندێکی کورد نەهاتووە ساڵانێکی ژیانی خۆی بۆ زیندوو کردنەوەی ئەو داستانە پڕ لە شکۆ و شانازی و قارەمانێتی و دلێرییەی نەتەوەکەی تەرخان بکات. داستانەکانی عەشق و ئەڤینیش لەوێ بوەستن.

قسەیەك دەکەم، ئەگەرچی گشتییە، بەڵام تێکرای هونەرمەندانیش ناگرێتەوە، تا ئێستا هونەرمەندی شێوەکاری کورد بێ پرۆژەیە. ئەمەش وا دەکات خەرمانی هونەرەکەی بچووك و پەرتەوازە بێت. لەم ڕووەوە هەندێك هونەرمەندمان هەن، کە بە پرۆژە قەڵای داهێنانی خۆیان بەرز هەڵچنیوە. بۆ نموونە جەمال بەختیار سروشتی کوردستان و کەلتووری شۆڕشگێڕانەی کردووەتە کەرەستەی بەرهەمەکانی، هادی زیائەدینی کەلەپوور و ئەتنۆگرافیای کوردی کردووەتە چاوگی بەرهەمەکانی، زوهێر حەسیب کەلەپووری ناوچەی جزیرەی کردووەتە پاشخانی هونەرەکەی، ئەحمەد گونەشتەکین کەلتووری کوردستان و ئەنادۆڵی کردووەتە چاوگی بەرهەمەکانی و بە هۆیەوە بووەتە هونەرمەندێکی جیهانی، ئازاد شەوقی سروشتی کردووەتە چاوگی کار کردنی، دارا حەمە سەعی پشتی بە مێژووی کوردستان و میراتی شارستانیی میزۆپۆتامیا بەستووە. ئەم هونەرمەندانە هی هەر چوار پارچەی کوردستانن، هونەرێکی مۆرك کوردانەیان پێشکەش کردووە، تێکڕا لە بن چەتر و سایەی گوتارێکی ڕوون و ڕەوانی دیدەییدا کۆ دەبنەوە. هونەر و داهێنانی ئەوان لە ڕەوتی نوێخوازی دانەبڕاوە، ئەوەی ئەوان کردوویانە هونەرێکی ڕەسەن و ڕیشەدار و مۆدێرنە. پاشخانی هونەرەکەشیان کەلتووری کوردی و کەلەپووری خۆجێ و میراتی شارستانی و مێژووی کوردستانە، ڕووی هونەرەکەشیان بەرەو دنیای ئەمرۆییە.

دەمەوێ بە کورتی و چڕی بڵێم، مۆرکی کوردانەی هونەر نیشانەی دیدی ڕەوان و بیری تەندروست و هۆشی ئاگا و هزری ڕۆشنە. ئەم جۆرە هونەرە لە باریدایە زووتر ڕاستەڕێی جیهانی بگرێتە بەر و ببێتە مەڵۆیەکی نوێ بۆ سەر خەرمانی هونەری جیهان. هونەرێك کە تام و بۆ، ڕەنگ و ڕوخسار و ناوەڕۆکێکی تایبەت دەنوێنێ.

**پێشمەرگایەتی تۆمارێکی یەکجار بەرین و شکۆدارە بۆ داهێنان، زۆر بە دەگمەن هونەرمەندانی شێوەکار کاریان تێدا کردووە. هیچ هونەرمەندێک نییە، سەرەڕای سەروەرییەکانی دوێنێ و ئەمڕۆی پێشمەرگە، تا ئێستا توانی بێتی تابلۆ یان پەیکەرێک دروست بکات، کە ببێتە سیمبول و هێما بۆ پێشمەرگە**